نووسینی د . زاهیر سوران .
11ی ئەیلولی 2004 .

# بالوکە
# Warts

بریتییە لە پێکهاتوویەکی گچکەی سنورداری سەر پێست ، هەندێکجار وەك بەرزبوونەوەیەکی بچوکی قەبارە جیاوازی مەیلەوسپی بەتایبەتی لەسەر پەنجەکانی دەست و قاچ دەردەکەوێت.

## هۆی بالوکە

هۆی سەرەکی دروستبوونی ئەم پێکهاتووەی سەرپێست (بالوکە) دەگەرێتەوە بۆ ڤایرۆسی پاپیلۆمی مرۆ Human papillomavirus (HPV), ئەوەی راستی بێت نزیکەی 80 جۆر ڤایرۆسی پایلۆم هەیە بەلاّم تەنیا جۆرە کانی 2,1, 3, 4, 7, 10 , 26, 27 , 28 , 29 , 41 ,48 , 57 , 60 , 63 , 65, 75 , 76, 77 , 78 دەبنە هۆی دەرکەوتنی بالوکە.

بالوکە ناسراوترین و دیارترین سۆی ڤایرۆسییە کە تووشی پێست دەبێت گەر بەراورد بکرێت لە گەلّ پێستدا ئەوا ئەمیان پێکهاتوویەکی کەمیٚ رەقباوی هەیە . سەرچاوەی سۆکە مرۆڤە . بە گشتی بالوکە لە نێوان تەمەنی 8– 10ساڵاندا دەبینرێت بەلاّم زۆر بە دەگمەن تووشی منداڵی ساوای ژێر 3 ساڵان دەبێت .

## رێژەی تووشبوون

لە منداڵی تەمەن 4 تا 6 ساڵاندا رێژەکە 5–10٪ یە ، لەتەمەن 16 تا 18 ساڵاندا رێژەکە دەگاتە لە 15–20٪ . ئەوەی راستی بێت لێوارەکانی بالوکەی سەر پەنجەکانی قاچ کەمێك رەقترن وەك لە بالوکەی سەر پەنجەکانی دەست .

نابێت ئەو راستییەشمان لە بیر بچێت کە ڤایرۆسی پاپیلۆم دەبێتە هۆی کۆندیلۆم کە بریتین لە سۆی شێوە بالوکەیی لە سەر دەوروبەری کۆمدا دەردەکەون و هەروە ها دەبنە هۆی سۆی نێوپۆشەکان .

## رێگاکانی گواستنەوە

ڤایرۆسەکە راستەوخۆو ناراستەوخۆ زۆر بە ئاسانی لە یەکێکی نەخۆشەوە خۆی دەگەیەنێتە یەکێکی لەش ساخ ، هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ئاستی بالوکەکەدا خانەکانی پێست رۆژانە هەزاران ڤایرۆس دەردەدەن ، جا لەبەرئەوە مەترسی زۆرە کە لە شوێنێکی تری لەشدا یان یەکێکی دی تووشی ڤایرۆسەکە بکات . ئەوەی راستی بێت خوێن نابێتە هۆی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە . راستەوخۆ ڤایرۆسەکە دەتوانێت یەکێکی دی لە رێگای خشترێژی ئەرزی ژووری دوشکردنی مەلەوانگاکانەوە تووش بێت . لەم بارەدا پەنجە بالوکاویەکانی قاچ خانە ڤایرۆسییەکان بەسەرخشتەکاندا بلاّودەکەنەوە و مرۆڤیش بە پێی پەتی دێت و دەچێت و پریشکی ئاوی بەردەکەوێت و ئەوسا تووشی ڤایرۆسەکە دەبێت .
ئەو کەسانەی پێستیان قلّیشاوە یان برینیان لەسەر پێستی قاچ هەیە زێدتر تووشی ڤایرۆسەکە دەبن .
مەرج نییە هەموو کەسێك وەك یەك تووشی ڤایرۆسەکە ببێت هۆی ئەم جیاوازیەش نازانرێت .



(وێنەی بالوکە لە سەرچاوەی 5 ەوە وەرگیراوە)

## ڕێڕۆی بالوکە

لەوانەیە هەموو جۆرەکانی بالوکە بێچارەسەرکردن و شوێنەوارجێهێشتن نەمێنن یان لە نێوان مانگ– ساڵدا چاك ببنەوە .

## ماوەی کڕکەوتنی ڤایرۆسەکە

ئەم ماوەیە جیاوازە و نزیکەی چەند مانگێك دەخایەنێت .

## چارەسەرکردن

زۆر ئاسانە , بە گشتی بالوکە خۆیان چاك دەبنەوە یا بە دەرمان لە ناودەچن . هەروەها بە ڕێگەی نەشتەرگەری و چارەسەرکردنی تیشکی لاسەر دەتوانرێت بالوکە لاببرێت . هەروەها کرێمی ڤیتامین A جۆرێکی تری چارەسەرکردنە .

## سەرچاوەکان


1– د . زاهیر سوران . نەخۆشییە درمەکان ، بەشی حەوتەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی– کوردستان 2004 .

1-Tomas Bergström, virusinfektioner, klinik, diagnostik och behandling. Glaxowellcome AB, Göteborg , Papillomvirus, 1977. sida. 68-69.
2-Abram S. Benenson, editor. Control of Communicable Diseases in man, fifteenth edition, warts, viral, USA. p.481-482,1990.
3-Sten H Vermund, Sibylle Kristensen & Maria L Smith, Papillomavirus infections, STD, infectious diseases, Donald Armstrong and Johathan Cohen, vol 1, USA.1999.
4-Hans-Inge Peterson, Chirurgia Minor, Handledning I lilla kirurgien för läkare, sjuksköterskor och studerande, sida 11-12, Warnw Förlag 2001.
5-Hans Rosrsman, Alf Björberg, Anders Vahlqvist, Dermatologi venereologi, sida 214-216, Sweden 2000.